سێیەم : ئەم ڕێنماییە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

د. ڕێکەوت حمە رشید
وەزیری تەندروستی

وەزارەتی ناوخۆ

بەیانی ژمارە (4)ی ساڵی 2014

ئاماژە بە نوسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە(7723 لە 2014/4/8) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە :-

- پەسەندکردنی حەرەمی نوێی گوندی (سەروەزەن) سەر بە قەزای هەڵەبجە/ناحیەی بیارە و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بە رووبەری(9) دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (88) لە(کەرتی60 / دەگا شێخان) بەپێی یاساکاری کوژانەوە ودەست هەڵگرتن بکرێت .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ڕێکەوتی 2014/5/18 .

کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ

---

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

**بەیانی ژمارە ( 1 )ی ساڵی** 2014

**بە پێی ئەم دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادەی شەشەم برگە دووەم لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (11) بۆ ساڵی ( 2007 ) بڕیارماندا :-**

**1- تێبینەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی قەزای ئامێدی کە پێشتر هەبوو بکرێتە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی قەزای ئامێدی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگای دهۆك .**

**2- ئەم بەیانە کارپێدەکرێت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی2014/4/20 .**

**بەیانی ژمارە ( 2 )ی ساڵی** 2014

**1- تێبینەرایەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی قەزای سیمیل کەپێشتر هەبوو بکرێتە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی قەزای سیمیل سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگای دهۆك .**

**2- ئەم بەیانە کارپێدەکرێت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی2014/4/20 .**

**کامل حاجی علی**

**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**بەیانی ژمارە ( 3 )ی ساڵی** 2014

**بە پێی ئەم دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادەی شەشەم برگە دووەم لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (11) بۆ ساڵی ( 2007 ) بڕیارماندا :-**

**1- بەرزکردنەوەی پلەی بەشی پشکنین و بەدواداچوون بۆ بەڕێوەبەراتی پشکنین و بەدواداچوون لە دیوانی وەزارەت .**

**2- ئەم بەڕێوەبەراتیە ڕاستەوخۆ سەر بە پشکێنەری گشتی وەزارەتمان دەبێت لە هەیکەلی تەنزیمی وەزارەت**

**3- ئەم بەڕێوەبەراتیە بۆ کاروباری پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتمان دەبێت .**

**4- ئەم بەیانە کارپێدەکرێت لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتی2014/4/20 .**

**کامل حاجی علی**

**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**